

عارف باوەجانی- بەرپرس و وتەبێژی پارتی سەربەستیی کوردستان:

# هۆشیاریی کاک مەسعود بارزانی وەڵامە دروستەکانی نەتەوەیی بوونی ئەم پارتە دەسەلمێنێ

**گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو توشی ئازار و ئاوارەیی و قەتڵ وعام و جینۆساید بووەتەوە بەئامانجی سڕینەوەی وەک نەتەوەیەکی زیندوو ، بۆیە بەردوام ڕۆڵەکانی ئەم گەلە پەرتەوازەی وڵاتانی دنیا بوون و زۆرێکیشیان لەو ئاوارەییەدا بەگوڕتر کاریان بۆ بەرەوپێشبردن و زیاتر ناساندنی دۆزەکەیان داوە .**
**کوردێکی ڕۆژهەڵاتی لە باوەجانی ناوچەی جوانڕۆوە بۆ کەمپی ئاوارەیی لە ڕومادی و دواتر بۆ وڵاتی نەرویج، عارف باوەجانی ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی ئۆسلۆ و ئەندامی پارتی سۆسیال چەپی نەرویجە و بەم دواییانە پارتی سەربەستی کوردستانیان دامەزراند و لەوپارتەدا وەک خۆیان دەڵێن پارتێکە کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات و شانازی بە بیر و ڕێبازی نەتەوەییانەی بارزانی نەمرەوە دەکەن.**
**لەسەردانەوەیەکیدا بۆ باشووری کوردستان، باوەجانی بۆ گۆڤاری گوڵان لە گفتوگۆ و باسکردنی دۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا ئەم دیمانەیەدروست بوو:**

* ئامانج لە دامەزراندنی پارتی سەربەستی کوردستان چی یە ؟

- : گەلێک ئامانج هەبوو لە پشت دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان، لەسەرەوەی هەموویان ئامانجی خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان : دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان توانیوێتی خەبات گێڕان وکەسانی جیدی لەسەر بیروباوەڕی سەربەخۆیی خوازی لە دەوری یەک کۆکاتەوە، بە مەبەستی بڵاو کردنەوەو کارکردنی بێ ڕاوەستان لەسەر بیرۆکەی سەربەخۆیی خوازی دامەزرا، هەروەها پارتی سەربەستی کوردستان :بە مەبەستی هێندێک نوێخوازی لە ناو جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها بۆ زیاترخزمەت کردن بە مەسەلەی جۆگرافیایی کوردستان و پەنابەران ومەسەلەی ژنان و زۆر کێشەی دیکەی دامەزراوە.

ئەگەر باس لەسەر بیرۆکە و هزری دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان بکەین، هزری دروست بوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەخسی خۆم، کە لەمێژ بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە دروست کردنی پارتێکی نەتەوەیی بۆ بڵاو کردنەوە بیرۆکەی

سەربەخۆیی خوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە، هۆکەشی ئەوەیە کە سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژ تا ڕۆژ بەرەو زیادی دەڕوات و پێویستە ئەو کەسانە لەیەک نزیک بن بۆ خەبات کردن بە بیروباوەڕی خۆیان، بۆ دامەزراندنی ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ زۆر کەسایەتی سەربەخۆیی خواز لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات پێوەندیم کرت بیرو بۆچوونی خاوەن بیرانم وەرگرت، لەساڵی «٢٠٠٥» خەریکی ڕێکخستنی هاوبیرانم بووم لە ناوخۆی وڵات و هەروەها پێوەندی بەردەوام لەگەڵ هاوبیرانیش لە دەرەوەی وڵات، تا سەرئەنجام بڕیار درا کەلە «٢٠٠٦.٠٢.١٦» دەست بە کار بوونی پارتی سەربەستیی کوردستان بە شیوەی کاتی ڕاگەیندرێت ودرێژە بە کارەکانی خۆی بدات، تا کاتێک زەمینەی بەستنی یەکەمین کۆنگرە دروست دەبێت، وەک بنکەی تایبەتی لە هیچ وڵاتێک نیمانە، بەڵام پارتی سەربەستیی کوردستان لە وڵاتی نەرویج وەک پارتێکی مولەت پێدراو تۆمارکراوە و ویش دەچێت دەفتەری ڕەسمی دەرەوەی وڵاتمان لە داهاتوودا هەر لەم وڵاتە بێت، ئەندامانی سەرۆکایەتی دەرەوەمان بەشێکیان لە وڵاتانی سوید ونەرویج و ئیرلەندا دەژین، هەروەها چەندین کەس لە ئەندامانی سەرۆکاییەتی کاتیشمان بە نەێنی لەناوخۆی وڵات و باشووری کوردستانن

*** پێتان وایە بوونی پارتێکی کوردی لە دەرەوە دەتوانێ سەنگی سیاسی خۆیی هەبێت لە ناوخۆدا**

- : لە وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێزتاندا دەتوانم بڵێم بەڵێ دەتوانێ زۆر ڕۆڵی کارگەری هەبێت، پارتی سەربەستیی کوردستان لە دەرەوە بۆ ئەوەی دانەمەزراوە هەر لە دەرەوە چالاکی بکات، هەر پارتێک یا ڕێکخراوێک لە نێو خەڵکەکەی خۆی دەتوانێ خۆی بناسێتەوە بزانێ چەندە توانیوێتی ببێتە جێگای ڕەزامەندی خەڵکەکەی، بێگۆمان هیچ پارتێکی کوردیش لەم سەردەمەدا ناتوانێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراندنی خۆی بە ئاشکرا ڕاگەیەنێ چوون ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و دژی ئازادی دەربڕین لە ناوچەکە حاکمە، هەروەها هەل و مەرجی باشووری کوردستانیش لەبار نەبوو بۆ ئەوەی کە پارتی سەربەستیی کوردستان لە خاکی باشووری کوردستان دامەزراندنی خۆی ڕاگەیەنێ.

ئێمە لەو ماوەی کە دامەزراوین، لە دەرەوەی وڵات زۆر چالاکی و دیداری بەرچاومان هەبووە کە دەنگ دانەوەی باشی هەبوو، توانیومانە لەگەڵ سەرۆک وەزیر و چەند پەرلەمانتارو حزبی ئەورووپی و ئەمەریکی کۆبوونەوەو دیدار پێک بێنین، باسی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، بە تایبەت باسی زەرورەتەکانی سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بکەین کە پارتەکانی دیکە ئەم باسەیان پێشتر لەگەڵیان نەکردوە، ئێمە تا کاتێک دەگەڕێینەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ! لە دەرەوە هەروا درێژە بە چالاکییەکانی خۆمان دەدەین، هەوڵ دەدەین هەمیشە لەگەڵ دونیایی دەرەوە پێوەندیمان هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەوڵی ئەوەشداین کە خەباتەکەمان بگوازینەوە بۆ خاکی کوردستان،

* ئێوە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی و ئەندامی پارتێکی نەرویجین، هەروەها سکرتێری پارتێکی نەتەوەیی کوردین، تا چەندە ئەوە ڕێک دەکەوێ لەگەڵ کاری ئێوەدا؟

- من کاتێک گەیشتمە وڵاتی نەرویج، بڕیارم دا کە لەم وڵاتە ئازاددا درێژە بە خەبات بدەم بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانم دەنگی گەلەکەم بگەیەنمە ئەم وڵاتە، بڕیارم دا کە بچمە ڕیزی یەکێک لە حزبەکانی نەرویجی بۆ ئەوەی بتوانم لە ڕێگەی ئەوانەوە ئازارەکانی گەلەکەمان بگەیەنمە گوێی خەڵک وسیاسەت زانانی وڵاتی نەرویجەوە، دوای پرسین و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر حزبەکانی نەرویجی